بزووتنەوەی نوجەبای چەکداری لە عێراق پشتگیری بە حیزبوڵای لوبنان دژ بە ئیسرائیل دەردەبڕێت

حسێن مووسەوی، وتەبێژی میدیایی بزووتنەوەی ئیسلامی نوجەبای چەکداری لە عێراق لە لێدوانێکی میدیایدا سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، جەختی کرد: گرووپە بەرخۆدانەکانی ناوچە لە یەک سەنگەر و لە شانی حیزبوڵڵادان و بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئامێری پێشکەوتەی سەربازییەک کە هەیانە، لەم شەڕەدا دەستی باڵایان هەیە و دەتوانین دوورترین شوێنی سەرزەوینە داگیرکراوەکان بکاتە ئامانج.

ناوبراو وێڕای نرخاندنی توانای سەربازیی حیزبوڵا و هاوپەیمانانی ڕایگەیاندر کە ڕژیمی زایۆنی (ئیسرائیل) بەهۆی گرفتی ناوخۆیی و دەرەوەیی لە لاوازترین حاڵەتی خۆیدایەو هەر بۆیە هەوڵی تێوەگلاندنی ناوچەکە لە شەڕێکی هەمەلایەنە دەدا، بەڵام ناتوانێ و لە گەیشتن بە ئامانجەکانی شکست دێنێت.